کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
13-8-2007 21:28بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**قەسیدەی مەرگ ... ئارێز سمکۆ حسێن**



بۆ گارسیا لۆرکا (1)
(کاتی لەژێر لم بەمردوویی
گیتار دەژەنی)
ئەو کەمەرگی دی
قاقا پێکەنی کە دەشیزانی مەرگ سەختە
مەرگی ئەو هی سەربازەکەیەتی
کەتیربارانی کردوو دای بە مەرگ
ئەو تیر باران نەکرا
ئیسپانیەکان تیر باران کران
ئەو دەزانی ئیسپانیا دوورە
لەماڵی خودا
چونکە دەریاش گەلی دوورە
لەماڵی ئیسپانیەکان
کەدەریا و ئیسپانیەکان جەنگان
فرانکۆ ئەوی لەیەخەی دەریا کردەوە
چونکە ئەو دەیویست لەپێنجی ئێوارەدا
ئیگناسیۆ (2) لەدەریبیای سوور دەربێنی
ئەو دڵنیایە کە سەربازە ڕەشەکە
کە ئەوی کوشت، خوێنی هەبوو
کەچی ئەو هەر ئاوی فرۆشت!!
بۆ ئەوەی بکوژەکەی نەمری
وەگوێی لەسەمفۆنیاکانی بێتهۆڤن دەگرت
تاکوو ڕوحی بەسەر دەریادا بفڕی
ئەوکاتی پەنجەرەی بانێژەکە دەکاتەوە
نایەوێت گوێی لەگریان بێت
کەچی فریشتەکان دەیگرێنن
ئەو گریانەی کە سوپا تێکدەشکێنی
ئەو نایەوێت بگرییێت بۆ سوپا
ئەو گۆرانیەکی دەوی
دووربێت لەغەزەلی گریان و
غاغای کۆترە ڕەشەکان
گۆرانیەکی ئەویست کە
سەما بەسێبەر بکا و
دەنگی شەپۆلیش نەهێلی
کەچی ئەوان
هەر گۆرانی مەرگیان بۆ گووت

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

(1) شاعیری ئیسپانیاو ئەمەریکای لاتین، 1898– 1936
ڕەخنەگران بەگوناهترین شاعیری سەدەی بیستەمیان داناوە.
(2) هاوڕێی گارسیالۆرکا بوو، کە بەبۆنەی مردنی لەگۆڕەپانی شەڕ لەگەڵ کەڵەگاکاندا، شینامەیەکی شیعری بۆ نووسی، وەبەهۆی نووسینی ئەم شیعرەوەی لەلایەن سەربازەکانی فرانکۆ وە کوژرا.

ئەیلولی 2006ـ هەولێر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.